ئیسرائیل نەخۆشخانەی شیفای لە غەززە لە نەخۆش و بریندار و کارمەندان چۆڵکرد

سەربازانی ئیسرائیل گەیشتوونەتە نەخۆشخانەی شیفا لە غەززە و تانک و زرێپۆشەکانیان گەمارۆی کۆمەڵگە پزیشکییەکەیان داوە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت، لەژێر هەڕەشەکانی ئیسرائیل، بەتەواوی چۆڵیان کردووە.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شیفا دەڵێت، ئەم بەیانییە فەرمانیان پێکراوە "لە یەک کاژێردا" نەخۆشخانەکە چۆڵبکەن، لەکاتێکدا بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوو هەزار و 300 نەخۆش، بریندار و ئاوارەی تێدا بووە کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون، بەڵام ناچار کراون هەرچۆنێک بێت نەخۆشخانەکە چۆڵ بکەن.